# قۆناغەکانی بانگخوازی عەباسی :

## قۆناغی یەکەم :

ئەم قۆناغە لەسەرەتای سەدەی دووی کۆچیەوە دەست پێدەکات و کۆتایی دێت بە چونی ابو مسلمی خوراسانی بۆ نێو بانگەوازەکە و ئەو ماوە دەخایەنێت کە دەکەوێتە نێوان سالآنی (١٠٠-١٢٨ك) لەو قۆناغەدا بانگەوازەکە بەوە تایبەتمەند بوو کەوا بە تەواوەتی نهێنی بوو و دوور بوو لە بەکارهێنانی شێوازی توندو تیژی لەکاتێکدا دەوڵەتی خیلافەتی ئومەوی یەکانگیربوو .

لە عیراق سێ بانگخواز بانگەوازیان ڕێکخست کە بریتی بوون لە :

- مسیرە العبدی و بکیر بن ماهان کە بەگرنگترین بانگخوازەکانی عیراق دادەندرێن،
- و ابو سلمەی خەلال کە سەرکردایەتی بانگەوازەکەی دەکرد لەو پێنج ساڵەی کۆتایی پێش ئەوەی بنەماڵەی عەباسی دەسەڵات بگرنە دەست .
- پێشەوا (محمد بن علی العباسی) گۆڕانکاریەکی گرنگی ستراتیجی لە بانگەوازەکە کرد کاتێک بانگەوازەکەی تایبەتمەند کرد بەخۆیەوە و ئەمەی بۆ بانگخوازەکانی ئاشکرا کرد.

## قۆناغی دووم :

- ئەم قۆنــاغە لەو کــاتەوە دەســت پێــدەکات کاتێــک (ابــو مســلم خوراســانی) پەیوەندی بە بانگەوازەکە کرد و بەردەوام بوو تـا ساڵی (١٣٢ ك- ٧٥٠ز) کە لەو ساڵەدا خیلافەتی ئومەوی ڕووخا و دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی دامەزرا

لەم قۆنــاغەدا تایبەتمەنــدی بــانگەوازەکە خــۆی دەبینــیەوە لە بەکارهێنــانی هێـز بـۆ بەدیهێنـانی ئامـانجەکەی چـونکە لەدوای فراوانبـوونی شـانەکانی ڕێکخست لەناو کۆمەڵگای خوراسان، پێویستی بە سەرۆکێکی لێهاتوو و ئـازاو توانـای ئەوەی هەبێـت کە سەرپەرشتی کاروبارەکـانی بـانگەوازەکە بکــات . و (ابــو مســلیمی خوراســانی) هەڵبــژارد تــا لە خوراســان نوێنەرایەتی کـاری ئەو بکـات و کاروبـاری دا بەدەست و ڕەوانەی کـرد بۆ خوراسان .

هەڵبژاردنــی ابــو مســلمی خوراســانی هەنگــاوێکی ســەرکەوتوو بــوو و کرانەوەی قۆناغێکی نوێ بوو بۆ ڕاپەڕاندنی ژیـانی بـانگەوازەکە و ابـو مسلم لەبەر لێهاتوویی و چاونەترسی توانی ببێتە بـانگخوازی عەباسـی کە جلەوی حوکمی لە ڕۆژهەڵاتەو هەمووی لەدەست دابێت

لەدوای ئەوەی مسلمی خوراسانی گەیشتە خوراسان لە (بلخ) نیشتەجێ بوو و دوای ماوەیەکی کەم متمانەی (سلیمان بن کثیر)ی بەدەست هێنا پاشان بەژیری و لێزانی کاروبارەکانی بانگخوازی بەڕێوەبرد و لە گوندێک دەچوو بۆ گوندێکی دیکە هانی خەڵکەکەی دەدا تا لە دەوری بانگەوازەکە کۆببنەوە و لەم ڕووەوە توانی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستبهێنێت و توانی (مەوالیەکان) بۆلای خۆی ڕابکێشێت لەدوای ئەوەی دیمەنی گەندەڵی حوکمی ئومەویەکان پیشان دەدات و ئەو ستەم و زوڵمەی کە لە مەوالیەکان دەکرا لەسایەی دەوڵەتی ئومەوی بۆیانی باس دەکرد و ابو مسلم وەعدو بەڵێنی بە مەوالیەکان دەدا کەوا دەیان کات بە گەورەو کاربەدەست و زەوییان پێدەدات،

پاشان توانی هۆزە عەرەبە یەمەنیەکان بۆلای خۆی ڕابکێشێت هەروەها خەڵکانێکی هێنایە پاڵ خۆی کە بەرهەڵستکاری دەوڵەتی ئومەوییان دەکرد . لەدوای ئەوەی ابو مسلم لەهێزو تواناو بڵاوبوونەوەی بانگەوازەکە دڵنیابوو نوسراوێکی لەو بارەیەوە بۆ سەرکردایەتی لە (حمیمة) بەرزکردەوە لەلای خۆیەوە پێشەوا ( ابراهیم) سەرکردایەتی کارەکەی گرتە دەست و مێژووی دەستپێکردنی شۆڕشەکەی دەست نیشان کرد و بارودۆخی ناوخۆیی هێزو توانای بانگەوازەکە و باری ناوخۆی نالەباری دەولەتی ئومەویشی لەبەرچاو گرت .

لەرۆژی پێنج شەممە ٢٥ ی رەمەزانی ساڵی ١٢٩ ك / حوزەیرانی ساڵی ٧٤٧ ز شۆڕشەکە لە خوراسان ڕاگەیەندرا و لایەنگرانی عەباسیەکان لە دەوری (ابو مسلم) کۆبوونەوە و ڕەنگی ڕەشیان بۆ جل و ئاڵاکانیان بەکارهێنا بۆیە بە ڕەش پۆشەکان ناسران و بانگەوازەکەیان ئاشکرا بوو، پێویست بوو کەوا لەگەڵ هێزەکانی ئومەوی پێکدادان ڕوووبدات تا هەڵوێستی سیاسی و سەربازی دیاری بکرێت

له ١٤ ی محرم سالّی ١٣٢ ك ( ابو سلمەی خەلال) بوو بە سەرۆکی بانگخوازانی لە عیراق.

( ابو سلمەی خەلال) بەردەوام ئاگاداری ڕوداوەکانی بوو بەو پێیەی بە وەزیری بنەماڵەی محمد وەصف دەکرا لەدوای دەست بەسەرداگرتنی عیراق لەلایەن پشتیوانانی شۆڕش کاتی ئەوە هات بۆ هەڵبژاردنی کەسێک لە بنەماڵەی (آل محمد) کە بەو دروشمەوە شۆڕشەکە بەرپابوو دەست نیشان بکرێت

ئەویش پێشەوا (ابراهیم) بوو و ئەو ناوە بڵاو بوو و ئومەویەکان زانیان کەوا (ابراهیم) پێشەوایەتی شۆڕشەکە دەکات بۆیە (مەروانی دووەم) پێشەوا ابراهیمی گرت و لە (حەران) بەندی کرد، پاشان لە مانگی محرم سالّی ١٣٢ك پێشەوا ابراهیمی کوشت و وەسیەتی بۆ براکەی خۆی (ابو العباس عبداللە بن محمد) کرد و کردی بە خەلیفە لەدوای خۆی و فەرمانی بە بنەماڵەکەیان کرد تا لەگەڵ ( ابە العباس) لەدوای ئەوەی سوپای شۆڕش چوونە ناو کوفە پاشان بنەماڵە عەباسیەکان چوونە ناو کوفەو لەوێ نیشتەجێ بوون، ولە ١٢ ی ربیع الاخر سالّی ١٣٢ ك بەیعەت درا بە (ابو العباس عبداللە بن محمد) وەک خەلیفە .

# سەردەمی خیلافەتی عەبباسی

- سەردەمی خەلیفە ابو عباس السفاح ١٣٢-١٣٦ك / ٧٥٠-٧٥٤ز

- (ابو العباس) بەیعەتی خیلافەتی لە کوفە پێدرا لە ساڵی (١٣٢ك/٧٤٩ز).
- خەلیفە ابو العباس ئامانجەکانی شۆڕشی عەباسی دیاری کرد
- سەرکۆنەی ئومەویەکانی کرد و بەزەوتکەری خیلافەت ناوی هێنان
- وەعد و پەیمانی بە خەڵکی کوفەدا ئەوانەی پشت و پەنای شۆڕش بوون بە زیادکردنی موچەو بەخشینیان

• لەسەرەتا خەلیفە ابو العباس لە کوفە نیشتەجێ بوو بەڵام خەلیفە ئەو بارودۆخە نالەبارەی هەست پێکرد بەهۆی ئەوەی زۆرینەی دانیشتوانی کوفە لایەنگری شۆڕش ناکەن کە زۆرینەیان لە لایەنگرانی (علی کوڕی ابو طالب) بوون بۆیە شوێنی نیشتەجێ بوونەکەی گۆڕی بۆ شوێنێکی نزیک لە کوفە ناسرابوو بە (هاشمیە الکوفە) بەڵام خەلیفە ماوەیەکی کەم لەوێش مایەوە و پاشان شوێنی نیشتەجێ بوونی گواستەوە بۆ (الانبار) لە باکوری کوفە لەسەر ڕوباری فورات لەساڵی ١٣٤ك/٧٥١ز وە لە تەنیشت الانبار شارێکی بۆخۆی بنیادنا پێی دەگوترا (هاشمیە الانبار) لەو شوێنە مایەوە تا مردنی لەساڵی ١٣٦ك / ٧٥٤ز

• خەلیفە ابو العباس بەشێکی زۆری خەلافەتەکەی بە چەسپاندنی فەرمانڕەوایی خۆی بەسەربرد و لەگەڵ ئەو فەرماندەکان جەنگا کە لایەنگری ئومەویەکانیان دەکرد پاشان بەشێک لەو فەرماندانەی لەناوبرد ئەوانەی یارمەتیان دا لە گەیشتنی بە دەسەڵات، لەدوای ئەوەی نیشانەی جیابوونەوە لێیان بەدەرکەوت وەک (ابا سلمة الخلال) .

• ئەمە لەلایەک وە لەلایەکی ترەوە خەلیفە ویستی دەسەڵات بگوازێتەوە بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ تاکەکانی بنەماڵەی عەبباسی هەر بۆیە مامی خۆی (سلیمان بن علی) کردە والی شاری بصرە و دەوروبەری و مامەکەی تری (اسماعیل بن علی) کردە والی لەسەر شاری (اهواز) و مامەکەی تری (داود بن علی) کردە والی لەسەر شارەکانی (مەککەو مەدینە و یەمەن) لەدوای ئەوەی لە ولایەتی شاری کوفە لایبرد.

- لەدژی عەباسیەکان چەندین بزوتنەوە لە شوێنە جیاجیاکان سەریهەڵدا لەوانە بزوتنەوەی (حبیب بن مره المری) لە هەرێمی (البثینة) لە فلسطین و بلقاء و حوران، و بزوتنەوەی (ابو الورد) لە قنسرین و هەروەها بزوتنەوەی (اسامة بن مسلم) لە جەزیرە و تێبینی ئەوە دەکرێت کەوا سەرکردەکانی ئەو بزوتنەوانە (ئاڵای سپی)یان بەرزکردۆتەوەو خۆیان ناوە (المبیضة) واتا (سپیەکان) وەک بەڵگەیەک لەسەر بەرهەڵستکاریان لەدژی حوکمی عەباسی کە ڕەنگی (ڕەش)یان وەک دروشمی خۆیان بەرزکردەوە و ناویان لەخۆیان نا (المسودة) واتا ئەوانەی هەڵگری ئاڵای ڕەشن.

- پاشان خەلیفە ابو العباس هەوڵی دا یاخیبوونی (یزید بن هبیرة) چارەسەر بکات کەخۆی لەشاری (واسط) حەشار دابوو هەر بۆیە خەلیفە سوپایەکی بە فەرماندەی (الحسن بن قوحتوبە) نارد و گەمارۆی شاری (واسط)ی دا و چەندین ڕووبەڕوبونەوە ڕویدا هیچ ئەنجامێکی نەبوو ئەمەش وایکرد کەوا خەلیفە ابو العباس برا گەورەی خۆی ابو جعفر ڕەوانەبکات بۆ ئەوەی خودی خۆی گەمارۆی شاری (واسط) بدات کاتێک هەواڵی کوشتنی (مروان کوڕی محمد) گەیشتە (یزید بن هبیرە) داوای ئاشتی لە (ابو جعفر المنصور) و عەباسیەکان کرد و گفتوگۆی ئاشتی ئەنجام درا لە نێوان هەردوولا ئەنجامەکەی پێدانی (ئەمان) بوو بۆ یزید و سوپاکەی واتا ژیانی یزید و سوپاکەی پارێزراو دەبێت
- پاشان خەلیفە ابو العباس لەسەر پێشنیاری (ابو مسلم الخوراسانی) فەرمانی بەبراکەی خۆی ابو جعفر دا بە کوشتنی یزید بن هبیرة و ژمارەیەک لە سەربازەکانی هەروەها خەلیفە ابو العباس السفاح ئەو ڕکابەرە سیاسیەی لەناوبرد کە دەیویست دەسەڵات بگرێتە دەست ئەویش (ابو سلمە الخلال) وەزیری ال محمد بوو کە یەکێک بوو لەو کەسانەی ڕۆڵی سەرەکی بینی لەسەرخستن وسەرکەوتنی بانگەوازی عەباسی.

- ئەوەبــووو خەلــیفە ابــو العبــاس تــۆمەتی خســتە پــاڵ (ابــو ســلمە الخـلال)بەوەی کەوا (ابـو سـلمە) بـۆ بنەمـاڵەی (علـی بـن ابـو طالـب) کاردەکـات و بـۆیە لەدوای لەنـاوبردنی بزوتنەوەکـان ئەو هەلە ڕەخسـا بۆ خەلیفە وە بۆ لەنـاوبردنی وەزیر (ابو سلمە الخـلال) ڕاوێژی کرد لەگەڵ ( ابو مسلم الخوراسانی) و داوای لێکرد چەند کەسێک ڕەوانە بکـات بـۆ کـوفە و لەلای خـۆی (ابـو مسـلم) کەسـێکی نـارد بەنـاوی (المرار بن انس الصبی) بۆ کوشتنی ابو سلمە پاشان لە مـانگی رجب سـاڵی ١٣٢ك لە شـەودا لەلایەن هەردوو کەس (المـرار بـن انـس الصبی) و ( اسـید بـن عبـدالله) بۆسـەیان بـۆ دانـاو توانیـان ابـو سـلمە الخلال بکوژن.

## • وەزارەت لەسەردەمی ابو العباس السفاح :

- پلەو پایەی وەزیر ڕاستەوخۆ لەدوای سەرکەوتنی لەشکری عەباسی بەسەر لەشکری ئومەوی هاتە کایەوە، پێش بەیعەت دان بە ابو العباس بە خیلافەت پلەو پایەی وەزیر دروست بوو یەکەم وەزیر (ابو سلمه الخلال) (وەزیری بنەماڵەی محمد) بوو>
- و خەلیفە ابو العباس سیستەمەکەی جێبەجێ کرد، بەڵام دەسەڵاتەکانی وەزیر بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەرنەکەوت لە سەردەمی (ابو سلمة) سەرەڕای ئەوەی پێیان دەگووت وەزیر بەڵام ابو سلمە گشت دەسەڵاتەکانی لەدەست نەبوو (دیوان الخراج و دیوان الجند) لەژێر دەسەڵاتی ئەو دا نەبوو و زۆر جار بەرکەوتن دروست دەبوو لە نێوان دەسەڵاتی خەلیفە و وەزیر
- بە تێپەڕبوونی کات سیستەمی وەزارەت پەرەی سەند و دەسەڵاتەکانی ڕوون بویەوە و لە سەردەمی عەباسی یەکەم (١٣٢-٢٣٢ك) و چەندین تایبەتمەندی بۆ وەزارەت داندرا وەک سەرپەرشتیکردنی کاروباری دارایی هەروەها سەرپەرشتیکردنی باج و دیوانەکانی (خراج و دیوانی نەفقات) و هەروەها وەزیر هەردوو دەسەڵاتی مەدەنی و سەربازی لەدەستی خۆی کۆکردەوە هەروەها وەزیر چەندین ئەرکی گشتی لەسەر شانی بوو وەک ئامۆژگاری کردنی خەلیفە و یارمەتی دانی و حوکمی وڵات لەجیاتی خەلیفە

## وەزارەت لەسەردەمی عەباسیەکان دوو جۆر بوو :

١.وزارة التنفیذ (جێ بەجێ کردن)
٢.وزارة التفویض (دەسەڵات پێدان، دەسەڵاتی ڕەها)

وەزارەتی (تنفیذ) ئەرکەکانی خۆی دەبینییەوە لە جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی خەلیفە، وەزیر ناتوانێ بە شێوەیەکی کەسی و بە ئارەزوی خۆی کاروبار بەڕێوەببات، بەڵکو وەزیر لەم حاڵەتەدا ئەلقەی (وصلە) لە نێوان خەلیفە و گەل .

بەڵام وەزارەتی (تفویض) ئەوە گشت دەسەڵاتەکانی خەلیفەی پێدەدرێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، ئەویش لەدوای ئەوەی خەلیفە دەسەڵاتی پێدەدات کەوا هەموو کارێک ئەنجام بداتو لەو حاڵەتەدا دەسەڵاتی وەزیر وەک دەسەڵاتی خەلیفە دەبێت و وەزیر دەتوانێت هەر کەسێک لاببات لە کارەکەی و هەروەها دەتوانێ خەڵکیش دابمەزرێنێت بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێی دراوە لەلایەن خەلیفە.

پلەو پایەی وەزارەت لەسەردەمی عەباسی یەکەم زۆر گرنگ و مەترسیدار بوو، چونکە وەزارەت دووەم پلەو پایە بوو لەدوای خەلیفە، و لەڕووی مەترسیەوە پلەو پایەی وەزیر شوێن پەنجەی خۆی جێهێشت لە گشت لایەنەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کارگێڕی و فکری .

خەلیفە ابو العباس لەدوای لەناوبردنی وەزیر (ابو سلمە الخلال) کەسێکی تری فارسی بەناوی ( خالد کوری بەرمەک) دانا بە وەزیر بەڵام خالد رەتی کردەوە ناوی بێنن بە وەزیر لەترسی ئەوەی چارەنووسی وەک چارەنوسی وەزیری پێش خۆی نەبێ، ئەمە سەرەرای ئەوەی کەوا دەسەڵاتێکی زۆری پێبەخشرا وەک سەرپەرشتیکردنی (دیوان الخراج) و (دیوان الجند) و هەروەها سەرپەرشتیکردنی ئەو دەستکەوتانەی کە لەکاتی جەنگ دەست موسلمانان دەکەوت

# خەلیفە ابو جعفر المنصور ١٣٦-١٥٨ك/ ٧٥٤-٧٧٥ز

ناوی عبدالله کوڕی ، نازناوی ابو عباس المنصورە، لە ساڵی ٩٥ك لە گوندی حمیمە لەدایک بووە دایکی.

خەلیفە ابو جعفر منصور بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی دەوڵەتی عەباسی دادەندرێت چونکە توانی شۆڕشی ڕکابەرەکانی خۆی لەناو ببات هەروەها پایتەختێکی نایابی بۆ دەوڵەتەکە بنیادنا کە ئەویش شاری بەغدای پایتەخت بوو هەروەها دیوانەکانی ڕێکخست وە گشت دام و دەزگاکانی کارگێری لە بەغدا دانا، کە بوو بە پایتەختی امپڕاتۆریەتی ئیسلامی.

ابو جعفر المنصور لەگەڵ براکەی و خێزانەکەی گواستیانەوە لە حمیمە بۆ شاری کوفە وە کاتێک ابو عباس بوو بە خەلیفە ابو الجعفر المنصور دەستە ڕاستی براکەی بوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری خەلافەت و پاشان خەلیفە ابو العباس ابو جعفر المنصوری کردە والی (جزیرەو ئەرمینیاو ئازەربایجان) و ابو العباس لەدوای خۆی بەیعەتی دایە ابو جعفر المنصور.

# باروددۆخی ناوخۆیی لە سەردەمی خەلیفە ابو جعفر المنصور :

## ١.یاخی بوونی عبدالله کوڕی علی :

ابو جعفر المنصور خیلافەتی گرتە دەست و هێشتا پاڵپشتیەکانی بەهێزو پتەو نەببون ئەو ترسی لە ڕکابەری عبدالله کوڕی علی مامی هەبوو کە داوای خیلافەتی دەکرد هەروەک ترسی گەورەبوونی قەڵەمڕەوی ابو موسلیمی خوراسانی و دواتر دەرچوونی ئامۆزاکانی لە بنەماڵەی علی کوڕی ئەبی طالب لە دەسەڵاتەکەی ڕایچڵەکاند، مەنصور بە دلێری و نەبەردی و وورە بەرزی و لێزانی و فێڵزانی پێکەوە کۆکردبونەوە بەڕێ ڕاستی بەرەو ڕووی ئەو گرفتانە بویەوە و بڕیاریدا لە دوژمنەکانی بدات تا مەیدانی سیاسی بۆ چۆڵبێت،

عبداللهی کوڕی علی سەرکردەی ئەو سوپایە بوو کە ابو عباس ناردی بۆ ئاسیای بچوک تا لەگەڵ بێزەنتیەکاندا بجەنگێت، کاتێک گەیشتە دەوروبەری حەلەب زانی کە خەلیفە ابو العباس مردووە بۆیە لە کاشانەکەی وەستاو گەڕایەوە بۆ حەڕان و سەربازان بەیعەتی خەلافەتیان پێدا پاشان بەرەو جەزیرە کشا، خەلیفە ابو جعفر ابو موسلیمی ڕاسپارد تا لەگەڵی بجەنگێت، ابو مسلیم توانی لە نزیک نەصیبین بەسەریدا سەرکەوێت، عبدالله گیراو بەندکراو دواتر منصور لە ساڵی (١٤٧ك/٧٦٤ز) کوشتی.

## ٢.كۆتایی هێنان بە ابو مسلم خوراسانی :

ابو مسلم هەستی بەوە دەکرد کە ئەو دامەزرێنەری ڕاستی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسییەو خەون و چاوچنۆکی و خواستی شەخسی بۆ بەتەنها گرتنە دەستی دەسەڵاتی هەموو خۆراسان و ووڵاتی فارس و دیدی سەربەخۆیی دایگرت، پێشتر فشاری قورسی لەسەر ابو العباس دانا بەڵام خەلیفە بەهۆی بوونی خزمەتی بۆ عەباسییەکان لەناوی نەبرد، منصور لە دیدی جیاوازەوە سەیری ابو موسلیمی دەکرد ترسی لە نیازەکانی هەبوو لەدوای ئەوەی ابو مسلم بووبە هێمای ڕەگەزە فارسیەکان کە دوور کەوتنەوەیەکی ڕوونیان لە دەوڵەت نیشان دەداو بووبوون بە سەرچاوەی دڵەڕاوکێی خیلافەت، منصور پەنای بۆ شێوە فێڵزانی بردو ابو موسلیمی خستە داو و لە (٢٥ی شەعبانی ساڵی ١٣٧ك/١٣ی شوباتی ساڵی ٧٥٥ز) دا کوشتی.

## ٣.دەرئەنجامی کوژرانی ابو مسلم :

یادەوەری ابو مسلم لای فارسەکان بە زیندوویی مایەوەو لەدوای کوژرانی لە خوراسان چەند بزوتنەوەیەکی ئاینی و سیاسی و نەتەوەیی نامۆ بە ئیسلام دەرکەوتن کە هەڵگرەکانی بەڕوخسار ئیسلامیان نیشان دەداو لەناخەوە ئامانجە ئاینییە ئاگرپەرستییەکانی خۆیان و ئامانجی سیاسی ڕوخێنەرو ڕەگەزایەتی فارسیان هەڵگرتبوو، ابو موسلیمیشیان کردبوو بە هێناو پێناوێک بۆ دەربڕینی بەرهەڵستکاریان بۆ دەسەڵاتی عەباسی و نیشاندانی ئەوەی لە دەرونیاندایەو دەربازێک بۆ بەدیهێنانی ئامانج و هیواکانیان لەو بزوتنەوانە ناوی ئەوانە دێنین، بزوتنەوەکەی سەنباذ، بزوتنەوەکەی ڕاوەندی، بزوتنەوەکەی ئوستازیش ... منصور هەوڵیدا لەناویان ببات و لەوەشدا سەرکەوت .

## ٤.پەیوەندی لەگەڵ عەلەویەکان دا :

### شۆڕشی (محمد النفس الزكية) :

عەلەویەکان هەر لە شەهیدبوونی حسێنەوە لە کەربەلا مافی خۆیان لە خەلافەتدا لەبیر نەکرد، کاتێک بانگەوازی عەباسی دامەزرا هەندێکیان چوونە ناوی و پێیان وابوو بزوتنەوەیەکی تالیبییە، کاتێک شۆڕشەکە بە گواستنەوەی خیلافەت بۆ عەباسیەکان کۆتایی پێهات عەلەویەکان بەتایبەت لقی حسێنی پێیان وابوو عەباسیەکان فێڵیان لێکردوون و خیلافەتیان بۆخۆیان بردووە لە کاتێکدا ئەوان بە خیلافەت شیاوترن، عەباسیەکانیش لەلایەن خۆیانەوە لە سەرەتای ژیانی سیاسیاندا هەوڵیان دا یارمەتی عەلەویەکان بدەن تا دەرفەتی جێ پێ چەسپان بە دەوڵەتە تازە دامەزراوەکەیان بدەن پاشان هەردوولا بەرەبەرە لەیەک دوور کەوتنەوە لە ڕاستیدا یەکەم کەسی عەلەویەکان کە لە دەسەڵاتی عەباسیەکان دەرچوو محمدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حسن بوو کە بە (النفس الزكيه) ناسرابوو ئەو لە مەدینە خۆی ڕاگەیاند پاشان ئیبراهیمی براشی لە ڕۆژهەڵات خۆی ڕاگەیاندو ئەهواز و فارس و مەدایمی گرتە دەست لە کاتێکدا پێشەوا جەعفەری صادق کە لە لقی حسێنی بوو ناگربەست و ڕێککەوتنی ئەنجام دا، منصور توانی لە (مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٤٥ك / مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٧٦٢ ز) دا محمد لەناو ببات لە (مانگی ذی القعدەی ساڵی ١٤٥ك/ مانگی کانونی دووەمی ساڵی ٧٦٣ز) یش لە گوندێکی کوفە کە بە (باخمرا) ناسراوە ئیبراهیمیشی لەناوبرد .

## بارودۆخی دەرەکی لە سەردەمی خەلیفە ابو جعفر المنصور :

### بارودۆخی لەگەڵ بیزەنتیەکان دا :

جەنگی نێوان مسوڵمانەکان و بیزەنتیەکان لە ابو جعفری منصوردا سیفەتی ئاگربەستی هەبوو و لەچەند بەریەککەوتنێکی سنورداری سەر سنورەکان تێنەدەپەڕی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی دانی عەباسیەکان بۆ پاڵپشتیکردنی مەڵبەندی ناوخۆییان لە بەرامبەردا قوستەنتینی ئیمپراتۆری پێنجەمی پیمپراتۆری بیزەنتی لەلایەکەوە سەرقاڵی جەنگ لە بەلقان بوو لەلایەکی تریشەوە بەرەنگاری کێشەی پەرستشی ئایقۆنەکان (وێنەو پەیکەرەکان) بوو، ابو جعفر ئەو دەرفەتەی قۆستەوەو چی قەڵا و سەرسنور ڕوخێندرابوون چاکی کردنەوە .

### بنیادنانی شاری بەغداد :

لەنێو گرنگترین ئەو کارانەی خەلیفە ابو جعفری منصور ئەنجامی داو کاریگەری خۆی لەسەر داهاتووی خیلافەتی عەباسی بەجێهێشت بنیادنانی شاری بەغداد بوو لە شوێنێکدا کە ڕووباری (سوراة) بە ڕوباری (دیجلە) دەگات ئەمەشی بەهۆی چەند هۆکارێکی سیاسی و سەربازی و ئابوری و کەش و هەواییەوە ئەنجام دا منصور لە ساڵی(١٤٥ك / ٧٦٢ز) دا دەستی بە بنیادنانی شارەکە کرد و چوارساڵی خایاندو لە ساڵی (١٤٩ك /٧٦٦ز) دا کۆتایی پێهات و بەغداد تا ڕوخانی خیلافەتی عەباسی لەسەر دەستی مەغۆلەکان لەساڵی (٦٥٦ك/١٢٥٨ز) دا پایتەختی عەباسیەکان بوو

# خەلیفە محمد المهدی ١٥٨ـ١٦٩ك/٧٧٥ـ٧٨٥ز

ابو جعفری منصور لە (شەوی شەممە ١ی ذی الحجەی ساڵی ١٥٨ك/٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٧٧٥ز ) بەیعەتی بە مهدی کوڕی خۆی دا

## چاکسازییەکانی خەلیفە محمد المهدی :

**خیلافەتی محمدی مهدی بە قۆناغی گواستنەوەی نێوان سەردەمی توندی و سەرکوتکردنی سەردەمی خەلیفە عەباسیەکانی پێش خۆی و سەردەمی نێوەندی و نەرم و نیانی دادەندرێت، مەهدی سەرەتای خەلافەتی خۆی**

- **بە هەوڵی ڕازیکردنی خەڵک دەست پێکردو ئەو ماڵ و سامانەی بۆ خاوەنەکانی گێڕایەوە کە لە سەردەمی باوکیدا دەستی بەسەردا گیرابوو**
- **دیلە سیاسیەکانیشی ئازاد کردو**
- **و هەوڵی دا خەڵکی حیجاز ڕازی بکات بۆیە مۆڵەتی بە گێڕانەوەی دانەوێڵەی هاتوو لە وڵاتی شام و مصری بۆ حیجاز دا ئەمە لەدوای ئەوەی ابو جعفر بڕیبووی،**
- **هەوڵیدا خۆشەویستی و هۆگری خەڵکی شام بەدەست بخات بۆ ئەمەش سەردانی دیمەشق و بەیت المقدیسی کردو**
- **و لەسەر ڕێگەی مەککەش چەند وێستگەیەکی دامەزراند و حەوزی بۆ ئاودانی کاروانەکان دامەزراند و لای بەلای نەخۆشانی کەنارخراوو بەندیەکاندا کردەوەو خوێندنگەو نەخۆشخانەی بنیادنا**
- **و گرنگی بە بازرگانی داو تۆڕێکی لە ڕێگە بازرگانیەکان پێکهێنا کە بەغدادی کرد بە مەڵبەندێکی بازرگانی جیهانی،**
- **مۆسیقا و دانایی و ئەدەب لە تایبەتمەندیەکانی ئەو سەردەمە بوو،**
- **ئەو نەریتەشی داهێنا تا هەموو ساڵێک بەرگی نوێ بەبەری کەعبەدا بکەن،**
- **خۆی لە کۆڕی بیستنی ستەمەکاندا دادەنیشت و سندوقێکی بۆ دانا تا سکاڵاکانی تیا کۆبکەنەوەو سکاڵاکانی تێدا بخەنەڕوو.**

## بزوتنەوە دوژمنکاریەکانی سەردەمی مەهدی :

### ١.بزوتنەوەکانی زندیقەکان :

لە کۆمەڵگای ئیسلامی دا هەر لە سەردەمی ئومەویەوە دیاردەی زندەقە بڵاوبویەوەو لە سەردەمی عەباسی یەکەمدا تەواو گەشەی کردوو چالاک بوو، لە بنەرەتدا وشەکە لەو کەسانە دەنران کە شوێنکەوتەی ئاینە مەجوسیەکان (ئاگرپەرستەکان) بوون، پاشان هەنگاو بە هەنگاو پێشکەوتوو هەموو ملهوڕو بە گومان لە ئاینی گرتەوە پاشان واتاکەی فراوان بوو و شعوبیەتی گرتەوە دەسەلاتی عەباسی ئەو واتایەی بۆ بەکارهێنا تا لە نەیارە سیاسی و ئاینیەکانی بدات لە کۆتایی دا لە هەندێ لابراوو هەرچی و پەرچی و کەسخە نرا، لەراستی دا زەندەقە بزوتنەوەیەکی سیاسی داخراو بە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوی هزری ئاینی بوو کە شوێنکەوتوەکانی بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی مانەوی بە هەموو واتا بیروباوەڕە ئاینی و کلتورە هزریەکانیەوە وەک بەدیلێک بۆ کلتوری ئیسلامی دەکرد، ئەمەش شۆڕشێکی ئاگرپەرستی بوو کە بانگەوازی بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی ئیسلامی لە بنەڕەتەوەو بنیادنانی دەوڵەتێکی فارسی لە شوێنیدا دەکرد،

مەهدی هەستی بە ماوەی ئەو مەترسیە دەکرد کە زندیقەکان لەسەر ئاین و دەوڵەت دروستی دەکەن بۆیە لە هەموو ئاسۆکانەوە لە چەند هەڵمەتێکی ڕێکخراودا کەوتە شوێنیان و خۆراگرانە کوشتنی و دیوانێکی تایبەتی بۆ دامەزراندن و ناوی نا ( دیوانی زندیقەکان) فەرمانی بە فەیلەسوفان دا بەرپەرچیان بدەنەوە

## ٢.بزوتنەوەکەی موقەننەع ١٥٩- ١٦١ك:

شەپۆلی ملهوڕی بەردەوام لە سەردەمی مەهدی دا چالاک بوو، جا چەند بزوتنەوەیەکی دوژمنکاری سەریانهەڵدا کە لە ئامانجدا لەوانەی پێش خۆیان جیاواز نەبوون، لە نێوانیاندا بزوتنەوەکەی موقەنەعی خوراسانی بوو، موقەننەع ناوی (هاشم کوڕی حکیم) بوو لەبەر ئەوەی ماسکێکی خستبووە سەر دەم و چاوی بۆیە پێی دەوترا (موقەنەع) ماسکەکەی لە زێڕ دروست کرابوو کە دەم و چاوی شاردبوەیەوە، لە بنەڕەتدا موقەنەع پیاوێکی ناشرین و کورتەباڵا بوو وە دەم و چاوێکی ناشرینی هەبوو و چاوی خێل بوو، هۆکاری ماسک بەستانەکەی زیاتر بۆ ئەوە بوو تا کەم و کوڕیەکانی بشارێتەوە، لە گوندێک لە ناوچەی (مرو) بەناوی گوندی (کاوەکیمردان) بە ئامانجی لەناوبردنی دەسەڵاتی ئیسلامی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی فارسی لە دەسەڵات دەرچوو، مەهدی بەرەو ڕووی وەستاو بزوتنەوەکەی لەناوبرد موقەنەعیش پێش ئەوەی بگیرێت خۆی سوتاند، سەردەمی مەهدی دامەزرانی چەند بزوتنەوەیەکی تری وەک ئەو بزوتنەوەیەی لەڕووی ئامانجەوە بەخۆیەوە دی و مەهدیش توانی لەناویان ببات، لەوانە ناوی بزوتنەوەکەی (یوسف البرم) لە خوراسان دێنین.

## ٣.پەیوەندی لەگەڵ بێزەنتیەکاندا :

لە سەردەمی مەهدی دا جەنگی سنوری نێوان دەوڵەتی ئیسلامی و دەوڵەتی بێزەنتی بەردەوام بوو و هەردوولا
چەند هەڵمەتێکی ئاڵوگۆڕیان ئەنجامدا کە باری جوگرافی زەوی هیچ کامیانی تێک نەدا لە هەنگاوێکی لا کردنەوەدا مەهدی ئەو پەشێویەی بە هەند وەرگرت کە لەدوای مردنی لیۆی چوارەمی ئیمپراتۆری بێزەنتی و گرتنە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی لەلایەن ئینرینی گرنیەوە لە ساڵی ( ١٦٤ك/ ٧٨١ز) دا ڕوویدا، بۆیە
هەڵمەتێکی گەورەی سەربازی ئامادەکردوو هارونی کوڕی کرد بە سەرکردەو فەرمانی پێکرد تا هێرش بکاتە سەر قوستەنتینیە، هارون لە زەوی بێزەنتیدا ڕۆچوو تا گەیشتە کەنداوی قوستەنتینیەو هەڕەشەی لە پایەختی بێزەنتی کرد، ئیمپراتۆر ئیرین کە خۆی لە بارێکی سەخت و نارەحەتدا بینییەوە و زانی ناتوانێت بەرەو ڕووی ڕۆچوونی ئیسلامی بوەستێتەوە یان چەن و چونی بکات، ناچار بوو ملکەچی مەرجەکانی هارون بێت
به پێدانی سەرانەو
ئاڵوگۆڕی دیلەکان
و ڕێککەوتنەکەش سێ ساڵ بخایەنێت .